بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تُقَدِّمُوا بَيْنَ يَدَيِ اللَّهِ وَرَسُولِهِ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿1﴾

ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە پێشی خواو پێغەمبەری خوا مەکەون (لە بڕیارو پێشنیاردا) لەخوا بترسن و پارێزکار بن چونکە بەڕاستی خوا بیسەرە (بە گوفتارتان) زانایە (بە نیازو نهێنیەکانتان).

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَرْفَعُوا أَصْوَاتَكُمْ فَوْقَ صَوْتِ النَّبِيِّ وَلَا تَجْهَرُوا لَهُ بِالْقَوْلِ كَجَهْرِ بَعْضِكُمْ لِبَعْضٍ أَن تَحْبَطَ أَعْمَالُكُمْ وَأَنتُمْ لَا تَشْعُرُونَ ﴿2﴾

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە دەنگتان بەسەر دەنگی پێغەمبەردا صلى الله عليه وسلم بەرز مەکەنەوە (لە کاتی گفتوگۆدا) وە قسە بێ پەردە مەکەن لە خزمەتیدا، وەکو بۆ یەکتری دەکەن، نەوەك کردەوەکانتان پووچ بێتەوە و هەستیشی پێ نەکردن.

إِنَّ الَّذِينَ يَغُضُّونَ أَصْوَاتَهُمْ عِندَ رَسُولِ اللَّهِ أُوْلَئِكَ الَّذِينَ امْتَحَنَ اللَّهُ قُلُوبَهُمْ لِلتَّقْوَى لَهُم مَّغْفِرَةٌ وَأَجْرٌ عَظِيمٌ ﴿3﴾

بەڕاستی ئەوانەی کە دەنگیان هێواش دەکەنەوە لەلای پێغەمبەری خوادا، ئەوانە ئەو کەسانەن کە خوای گەورە دڵەکانیانی زاخاوداوە بۆ تەقواو خواناسین، ئەوانە لێخۆشبوون و پاداشتی گەورەو گرانبەها بۆیان ئامادەیە.

إِنَّ الَّذِينَ يُنَادُونَكَ مِن وَرَاء الْحُجُرَاتِ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ ﴿4﴾

بەڕاستی ئەوانەی لە دەرەوەی ژوورەکان بانگت دەکەن ئەوانە زۆربەیان نەفامن، (چونکە ڕەوشتی کۆمەڵایەتی دروستیان لەو بوارەدا ڕەچاو نەکردووە).

وَلَوْ أَنَّهُمْ صَبَرُوا حَتَّى تَخْرُجَ إِلَيْهِمْ لَكَانَ خَيْرًا لَّهُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿5﴾

خۆ ئەگەر ئەوانە خۆگر بونایە تاو دەرەوە بۆ لایان، ئەوە چاکترو ڕەواتر بوو بۆیان، (هەرچەندە) خوا لێخۆشبوو میهرەبانە، (ئەم چوار ئایەتە بۆ سەرجەم ئیماندارانە تا ڕێزی پێشەواکانیان بگرن).

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِن جَاءكُمْ فَاسِقٌ بِنَبَأٍ فَتَبَيَّنُوا أَن تُصِيبُوا قَوْمًا بِجَهَالَةٍ فَتُصْبِحُوا عَلَى مَا فَعَلْتُمْ نَادِمِينَ ﴿6﴾

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەر کەسێکی متمانە پێنەکراوە هەواڵێکی بۆ هێنان (خێرا بڕوای پێ مەکەن)، بەڵکو سەرنج بدەن، لێی بکۆڵنەوە (تا بۆتان ڕوون دەبێتەوە)، نەوەکو ئازارو ناخۆشی و گیروگرفت بۆ خەڵکی دروست بکەن بە نەزانیی و، دوایی پەشیمان ببنەوە لەو کارەی کە پێی هەستاون.

وَاعْلَمُوا أَنَّ فِيكُمْ رَسُولَ اللَّهِ لَوْ يُطِيعُكُمْ فِي كَثِيرٍ مِّنَ الْأَمْرِ لَعَنِتُّمْ وَلَكِنَّ اللَّهَ حَبَّبَ إِلَيْكُمُ الْإِيمَانَ وَزَيَّنَهُ فِي قُلُوبِكُمْ وَكَرَّهَ إِلَيْكُمُ الْكُفْرَ وَالْفُسُوقَ وَالْعِصْيَانَ أُوْلَئِكَ هُمُ الرَّاشِدُونَ ﴿7﴾

ئەوە لە یادتان بێت کە پێغەمبەری خوا لەناوتاندایە، زۆر شت هەیە ئەگەر ئەو بە ڕای ئێوە بکات تووشی گیروگرفت و ناخۆشیی دەبن..

بەڵام خوا ئیمان و باوەڕی لەلا خۆشەویست کردوون و، لە دڵ و دەروونتاندا ڕازاندویەتیەوە..

لەولایشەوە کوفرو بێ باوەڕیی و کوفرو بێ دینی و یاخیبوون (لە فەرمانی خوای)ی لا تاڵ و ناشرین کردوون، جا ئەمانە ئەوانەن کە ڕێگەی ژیریی و سەرفرازییان گرتۆتە بەر.

فَضْلًا مِّنَ اللَّهِ وَنِعْمَةً وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿8﴾

ئەمەش خۆی ڕێزو بەخششێکی تایبەتی و، نازو نیعمەتێکە لەلایەن خواوە (پێیان دراوە)، خوایش داناو زاناو کاربەجێیە.

وَإِن طَائِفَتَانِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ اقْتَتَلُوا فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا فَإِن بَغَتْ إِحْدَاهُمَا عَلَى الْأُخْرَى فَقَاتِلُوا الَّتِي تَبْغِي حَتَّى تَفِيءَ إِلَى أَمْرِ اللَّهِ فَإِن فَاءتْ فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا بِالْعَدْلِ وَأَقْسِطُوا إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ ﴿9﴾

ئەگەر دوو دەستە، یان دوو تاقم لە موسوڵمانان بوو بەشەڕیان، هەوڵ بدەن ڕێکیان بخەن و ئاشتیان بکەنەوە، خۆ ئەگەر لایەکیان هەر دەستدرێژی دەکردە سەر لایەنەکەی تر، ئە وا ئێوە بەگژ ئەوەیاندا بچن کە ستەم و دەستدرێژی دەکات، تا ناچاریان دەکەن گوێ بۆ فەرمانی خوا دەگرن.. هەروەها ئەگەر لایەنە سەرکەشەکە بۆ فەرمانی خوا گەڕایەوە، ئێوە ناوبژیوانیەکی دادگەرانە لە نێوانیاندا بکەن و دادپەروەری ئەنجام بدەن، چونکە خوا ئەوانەی خۆش دەوێت کە دادپەروەری ئەنجامدەدەن.

إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ فَأَصْلِحُوا بَيْنَ أَخَوَيْكُمْ وَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ ﴿10﴾

لەراستیدا ئیمانداران هەر برای یەکن، کەواتە هەرکاتێك لە نێوان دوو براتاندا (ناکۆکی پەیدا بوو) ئێوە نێوانیان چاك بکەن و ئاشتیان بکەنەوە، هەمیشە لە خوا بترسن و پارێزکار بن، بەڵکو ڕەحمتان پێ بکرێت.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا يَسْخَرْ قَومٌ مِّن قَوْمٍ عَسَى أَن يَكُونُوا خَيْرًا مِّنْهُمْ وَلَا نِسَاءٌ مِّن نِّسَاء عَسَى أَن يَكُنَّ خَيْرًا مِّنْهُنَّ وَلَا تَلْمِزُوا أَنفُسَكُمْ وَلَا تَنَابَزُوا بِالْأَلْقَابِ بِئْسَ الاِسْمُ الْفُسُوقُ بَعْدَ الْإِيمَانِ وَمَن لَّمْ يَتُبْ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ ﴿11﴾

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە! هیچ کەس و هیچ هۆزێك گاڵتە بە کەس و هۆزێکی تر نەکات، چونکە لەوانەیە گاڵتەپێکراوەکە (لەلای خوا) گەلێ چاکتر بێت لە گاڵتەرەکان، ژنانیش بە گاڵتە با یەك نەکەن، چونکە لەوانەیە گاڵتەپێکراوەکان لای خوا لە گاڵتەپێکەرەکان چاکتر بن..سوکایەتیی بە خۆتان مەکەن و یەکتری عەیبدار مەکەن، (چونکە سوکایەتی بەیەکتر سوکایەتییە بە خۆتان)، هەروەها ناوو ناتۆرەی ناشرین بۆ یەکتر دامەتاشن، ئەوە ڕەفتارو شتێکی ناشرین و نابەجێیە لەدوای باوەڕهێنان و موسوڵمان بوون، ئەوەی تەوبە ناکاو پەشیمان نەبێتەوە و لە گوناهەکانی، ئەو جۆرە کەسانە خۆیان خستۆتە ڕیزی ستەمکارانەوە.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اجْتَنِبُوا كَثِيرًا مِّنَ الظَّنِّ إِنَّ بَعْضَ الظَّنِّ إِثْمٌ وَلَا تَجَسَّسُوا وَلَا يَغْتَب بَّعْضُكُم بَعْضًا أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ أَن يَأْكُلَ لَحْمَ أَخِيهِ مَيْتًا فَكَرِهْتُمُوهُ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ تَوَّابٌ رَّحِيمٌ ﴿12﴾

ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە، خۆتان زۆر بپارێزن لە گومانی خراپ، لە ڕاستیدا هەندێ لەو گومانانە گوناهو تاوانن (بۆیە پێویستە لە هەموو گومانێك خۆبپارێزن)، وە بوشوێن کەم و کوڕی و عەیب و عاری یەکتردا مەگەڕێن و سیخوڕی مەکەن، وە لە پاشملە باسی یەکتری مەکەن، وە ناوی یەکتری بە خراپ مەبەن، ئایا کەستان خۆشی دێت لەوەی گۆشتی برای خۆی بە مردوویی بخوات؟! دیارە کاری واتان زۆر پێ سەخت و ناخۆشە، دەی کەواتە لە خوا بترسن و پارێزکار بن، بەڕاستی خوا ئەوانەی خۆشدەوێت کە دەستبەرداری گوناە دەبن و لێی پەشیمانن، میهرەبانیشە بۆیان.

يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ ﴿13﴾

ئەی خەڵکینە ئێمە هەمووتانمان لە نێرومێیەك درسوتکردووە (کە باوکە ئادەم و دایکە حەوایە)، وە کردوومانن بە گەلان و تیرەو هۆزانی

جۆربەجۆر، تا یەکتر بناسن و پەیوەندیتان خۆش بێت بە یەکەوە..بەڕاستیی بەڕێزترینتان لای خوا ئەوەتانە کە زۆرتر لە خواترسە و فەرمانبەرداری خوایە، بێگومان خوا زاناو ئاگایە بە هەموان.

قَالَتِ الْأَعْرَابُ آمَنَّا قُل لَّمْ تُؤْمِنُوا وَلَكِن قُولُوا أَسْلَمْنَا وَلَمَّا يَدْخُلِ الْإِيمَانُ فِي قُلُوبِكُمْ وَإِن تُطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ لَا يَلِتْكُم مِّنْ أَعْمَالِكُمْ شَيْئًا إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿14﴾

بیابان نشینە عەرەبەکان دەڵێن: باوەڕمان هێناوە و موسوڵمانین، پێیان بڵێ: نەخێر، باوەڕتان نەهێناوە، بەڵکو تەسلیم بوون، چونکە هێشتا باوەڕ نەچۆتە ناو دڵەکانتانەوە و تیایدا جێگیر نەبووە، خۆ ئەگەر بەڕاستیی ئێوە گوێڕایەڵی فەرمانی خواو پێغەمبەری خوا بن، خوای گەورە لە (پاداشتی) چاکەکانتان کەم ناکاتەوە، چونکە بەڕاستی خوا لێخۆشبوو و میهرەبانە.

إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ ثُمَّ لَمْ يَرْتَابُوا وَجَاهَدُوا بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ أُوْلَئِكَ هُمُ الصَّادِقُونَ ﴿15﴾

بێگومان ئیماندارانی ڕاست ئەوانەن کە باوەڕیان بە خواو پێغەمبەری خوا هێناوەو پاشان ناکەونە هیچ گومان و دوودڵیەکەوە، بۆ خۆیان و سەروماڵیشیانەوە تێدەکۆشن لە ڕێناوی ئاینیی خوادا..لە ڕاستیدا ڕاست و ڕاستگۆ هەر ئەوانەن.

قُلْ أَتُعَلِّمُونَ اللَّهَ بِدِينِكُمْ وَاللَّهُ يَعْلَمُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَاللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ ﴿16﴾

(بە عەرەبە بیابان نشینەکان) بڵێ: ئایا ئێوە خوای گەورە لە دینی خۆتان ئاگادار دەکەن و پێی ڕادەگەیەنن؟! لە حاڵێکدا خوا زانایە بەهەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە، وە خوا بە هەموو شتێک زاناو ئاگادارە.

يَمُنُّونَ عَلَيْكَ أَنْ أَسْلَمُوا قُل لَّا تَمُنُّوا عَلَيَّ إِسْلَامَكُم بَلِ اللَّهُ يَمُنُّ عَلَيْكُمْ أَنْ هَدَاكُمْ لِلْإِيمَانِ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ ﴿17﴾

ئەوانە منەت دەکەن بەسەر تۆدا کە گوایە موسوڵمانن، پێیان بڵێ: منەت مەکەن بەسەرمدا لەسەر موسوڵمان بونەکەتان، بەڵکو خوا منەت دەکات بەسەر ئێوەدا کە هیدایەتی داون بۆ ئیمان و باوەڕ ئەگەر ئێوە ڕاستن لە ئیمان و باوەڕتاندا.

إِنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ غَيْبَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاللَّهُ بَصِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ ﴿18﴾

بگومان خوا نهێنی و شاراوەکانی ئاسمان و زەوی دەزانێت، هەروەها خوای گەورە بینایە بەهەموو ئەو کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن.